کەسرەت رەسوڵ عەلی: ئاڵای کوردستان شکۆو شانازی هەموو کوردێکە

کەسرەت رەسوڵ عەلی لە ڕۆژی ئاڵادا پەیامێک بۆاودێکاتەوە و رایدەگەیەنێت:"ئاڵای کوردستان، ڕەمزی شکۆو شانازی هەموو کوردێکە، ساڵەهایە خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین لەپێناو شکانەوەی ئەم ئاڵایە".

کەسرەت رەسوڵ عەلی لەدەقی پەیامەکەیدا وتیە"ئاڵای کوردستان، ڕەمزی شکۆو شانازی هەموو کوردێکە، ساڵەهایە خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین لەپێناو شکانەوەی ئەم ئاڵایە.

لە هەموو سەردەمە جیاوازەکان، لە بەرامبەر ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و داگیرکەران".

وتیشیە"پێشمەرگە بە خوێن بەرگری کردووە لە خاک و ئاڵای پیرۆزی کوردستان، هەزاران شەهیدمان داوە لەم پێناوەو خەبات بەردەوامە لە پێناو خاک و شکانەوەی ئەم ئاڵا پیرۆزە.

رایشگەیاند"ئەمە، دەرفەتێکی زێڕین هاتتە پێش بە دانیشتوانی کەرکووک و خانەقین، شنگال و دوزو سەرجەم ناوچە کوردستانییەکان، بە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان ڕەحمی شەهیدان شاد بکەن و ئاڵای کوردستان بشکێننەوەو کوردستانی بوونی کەرکووک دووپات بکەنەوە.

کەسرەت رەسوڵ وتیشیە"لەم ڕۆژە پیرۆزدا، هەموومان دەست لەسەر سینگ بەرامبەر گەکی سەربەرزی شەهیدان و لەپێناو هەمیشە شکانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان خەبات دەکەین تا دواسات بە گەیشتن بە

ئاوات و ئامانجەکانمان".